# ترسی کورد لە:
# مام جەلال..یان دووبارە بوونەوەی سەلاحەدین!

- دکتۆر نامۆ عەزیز

دیاریکردنی کوردێک بۆ سەرەکیترین پۆستی سیاسی لە عێراقدا، بە وەرچەرخاندنێکی مێژوویی بۆ گەلی کورد ئەژمێردرێت. لە هەمان کاتیشدا بە نشوستییەکی نائاسایی بۆ دوژمنان و ناحەزانی کورد دائەنرێت. هەر لە میانەی ئەو دوو ئاراستە جیاوازەدا، سەرکۆماری نوێی عێراق، مام جەلال ئەبێت تێڕوانین و شێوازی کاری تایبەتی خۆی بۆ ئەو پۆستە گرنگە دیاری کردبێت. تاڵەبانی نابێت پیرۆزبایی لێکردنەکەی بە دەستکەوتێکی تایبەتی خۆی دابنێت، بەڵکو لە کورسییەکەی کرا، چونکە هەر کەسێکی تر لەوێ دابنیشتایە هەر هەمان کاری بۆ ئەکرا. بۆیە ئەرکی سەر شانێتی کە بە ژیرانە سوود لەم هەلە وەربگرێت و بە بەرژەوەندی دۆزی ڕەوای کورد بیشکێنێتەوە. هەر لەم روانگەشەوە، تاڵەبانی پێویستە هەنگاوی پۆزەتیڤ بنێت تا کێشەی کورد زێتر بە جیهان ئاشنا بکات. دەشکرێت بە هۆی پەیوەندییە تایبەتییەکانییەوە، مشت و مڕی چارەسەرییەکی ئاشتیخوازانە بۆ کوردستانی باکوور بخاتە ناو پەرلەمانەکانی ئەورووپاوە، بۆ ئەوەی دیالۆگێک لە نێوان تورک وPKKدا دروست بێت. مام جەلال ئەرکی ئەوەشی لە ئەستۆدایە کە کەڵک لە پەیوەندییەکانی لەگەڵUSAدا وەربگرێت بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر ئاستی هەموو کوردستان. کوردستان تەنیا بریتی نییە لە کوردستانی خواروو، ئەوەی کە گرنگە هەتا کێشەی کورد لە پارچەکانی دیکەش چارەیەکی مۆدێرن و ئاشتیخوازیان بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا کوردستانی باشووریش ناتوانێت سەربەست و سەفراز پێشکەوێت و پەرە بە خۆی بدات. بۆ تاڵەبانی و بارزانی گرنگە کە هەوڵی تەواوی خۆیان بدەن لە باتی ئەوەی کە کورد یەکتر راوبنێن بۆلای یەکتر بگەڕێنەوە و یارمەتی و پشگیری یەکتر بکەن. لە راستیشدا نە ئەمریکا و نە ئەورووپاش پارتێکی کوردی بەهێزیان ناوێت، بەڵکو میللەتێکی یەکگرتووی بەهێزی کوردیان دەوێت و ئەمەش دەستەبەر ناکرێت بە هاتنەئارای ململانێی دەسەڵاتەوە چونکە کاردانەوەیەکی نێگاتیفی لەسەر گەلی کورد دەبێت. مام جەلال باشتر وایە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا بەکاربێنێت تا پەیوەندی کورد و ئیسرائیل بەرەو ئاستێکی بەرزتر بەرێت، بێ گومان عەرەب بەگشتی و تورک بەتایبەتی ئەوەیان پێ خۆش نییە، چونکە ئەو ئاستە بەرزە کێشەی کورد بەرەو جیهانیبوون دەبات و چوارچێوە ناوچەییەکان دەترازێنێت. تاڵەبانی لەبری ئەوەی کە گۆڵێک بۆ کورد بکات، کەچی بە پێچەوانەوە بۆ جاری دووەم گۆڵی لێ ئەکریت. جاری یەکەم کە بۆ مانگێ سەرۆک بوو واژۆی فیدرالیزمی شارەکان هاتە ئاراوە، ئەم جارەش جەعفەری سەرۆک وەزیران گۆڵی دووەمی کرد کە لە سوێنی وەزیرەکاندا لە هیچ شوێنێکدا باس فیدرالیزم نەکرا. لە هەردوو جارەکەشدا مەسعود بارزانی سەرۆکیKDP لە دوا چرکەدا ئەبێ بگاتە فریای کورد و هەڵەیی مام جەلال چاک بکاتەوە. چاوخشاندنێک بە دەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی مام جەلال، لە خۆدەرخستن بەولاوە بەرهەمی بۆ کورد نەبووە. تاڵەبانی ئەبێ چاک بزانێت قاچەکانی کورسییەکەی ئەو لەسەری دانیشتووە بە دەست دوژمنانی کوردەوەیە و هەر رۆژێک بێت رای ئەکێشن، بۆیە با ئەم ماوەیە بە جیهاندا بگەڕێ و تۆوی سەرفرازی کورد لە دڵی ئەو کەسانەدا دابنێت کە چاوی پێیان دەکەوێت. تاڵەبانی نابێت هەڵە مێژوویەکەی سەلاحەدین

دووباره بکاتەوە، ئیسلام و عەرەب پێویستیان بە یارمەتی و دۆستایەتی تاڵەبانی نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا کوردی چەوساوەی هەر چوار پارچەکەی کوردستان چاوەڕێی کوردایەتی مام جەلال دەکەن. هەڵبەتە ئەگەر بێت و مام جەلال ببێتە پاپیلکانەی" پان ئەرابیسک"یش ئەوا هیچ عەرەبێک سوپاسی ناکات و هەر وەک کوردێک تەماشای ئەکرێت. مام جەلال لەو دەربڕینانەی ئەم دواییەیدا وەک سەرۆکی عێراق، سەرنجی ئەوەم داوە کە دووربووە لە دیبلۆماتی رامیاری هاوچەرخەوە، ئەم جۆرە نواندن و قسەکردنەی مام جەلال لە زانستی رامیاری ئەمڕۆدا پێی ئەوترێت چڕنوک گرتن لە راستی و ختوکەدانی سکی تێر. خۆزگە تاڵەبانی کەم قسەی ئەکرد و کەمیش لە هۆڵەکاندا ئەچوە پێشەوە. ئەو قسە کەمەش کە ئەیکات ئەبێ بزانێت چەندی خراپە. با کورد و یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەنیا بە شان و باڵی مام جەلالدا هەڵ نەیەن، با هەر چەپڵەی بە چاک و بە خراپ بۆ لێ نەدەن. مام جەلال کارێکی گرتۆتە ئەستۆ کە کەمی لێ ئەزانێت، مام جەلال پێشمەرگایەتی کردووە نەک سەرۆکایەتی، لەوانەیە لە سەرۆکە باشەکانی عێراق و وڵاتانی عەرەبی خراپتر نەبێت. بەڵام بۆ سەرۆکایەتی عێراقێکی دیمۆکرات کە بەشێکی ئەم کلۆبالیزمەی ئێستایە پێویستی بە فێربوون و راوێژکاری باش هەیە، بە بڕوای من مام جەلال لە باتی چەپڵە و مەدح کردن پێویستی بە یاساناس و رامیار و راوێژکار و دیپلۆماتی ئەوروپی هەیە بۆ ئەوەی مام جەلال بکەنە سەرۆکێکی مەوزوعی و قسەکانیشی بکەنە قسەی زانستی. دەربارەی گرفتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم کە خەریکە ئاستەنگێک لە نێوان هەردوو هێزی سەرەکی کوردا دروست دەکات، پێویستە مام جەلال رۆڵی کاریگەری خۆی ببینێت لە کۆتایی هێنان بەو گرفتە، بە تایبەتی دوای ئەو هەواڵانەی کە باسیان لە رێگەگرتنی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کرد لە رۆشتنی مام جەلال بۆ سەلاحەدین بۆ کۆتایی هێنان بەو کێشەیە. لە راستیشدا نابێت یەکێتی نیشتمانی بەوەی مام جەلال بۆتە سەرۆک کۆمار ئیتر وابزانن هەموو کلیلەکان لە دەستی خۆیاندایە، چونکە دەسپێکی سەردانەکەی کۆندالیزا رایس لە سەلاحەدینەوە نامەیەکی پڕ واتا بوو بۆ هەموو لایەنەکان کە بزانن بایەخی بارزانی لەلای ئەمریکا لە چ ئاستێکدایە. هەربۆیە تاڵەبانی دەبێت دەسەڵات و توانای خۆی بخاتەگەڕ تا کۆتایی بەم کێشەیە بێنیت. مام جەلال نابێ وابزانێت کە سەدام نەما و کوردێک بووە سەرۆکی عێراق ئیتر هەموو ئەنجامێک باشە، بۆ خەڵکی عێراق ئەنجامێک هەیە و بێ مام جەلالیش وڵات و میللەت سەربەستە و کار بەڕێوە دەچێت، بەڵام بۆ کورد کێشەکە سەر لە نوێ لە نوکەوە دەست پێ ئەکات. تاڵەبانی پێویستە سەرۆکێکی رێئالیستی عێراق و پێشمەرگەیەکی ئینتەرناسیۆنالی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بێت. ئەوەی لە کۆتاییدا بۆ مام جەلال ئەمێنێتەوە تەنیا خۆشەویستی و پێزانینی خەڵکی کوردستانە.

- رۆژنامەنووسێکی کوردە، بۆ رۆژنامە و گۆڤارە ئەوروپییەکان دەنووسێت، ئەم بابەتەی لە هەفتەنامەی "پەیامی ـ کورد "ی ژمارە "37"دا بڵاوکراوەتەوە.
- namoaziz@naseej.com